Click Here & Upgrade
Expanded Features
Unlimited Pages
PDF Complete

## بەیاننامەی کۆمەڵێک گەنجی خاوەن هەڵوێست لەبەرامبەر پرسە نەتەویەکاندا

## دەربارەی لێدوانەکانی ئەم دواییەی بەرەی تورکمانی

هەڕەشەکانی ئەم دواییەی بەرەی تورکمانی لەبارەی شاری کەرکوك‌و سستی‌و خاوی لەجێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوری پەرلەمانی عێراقی دوو زەنگی ترسناکن بۆ مەسەلەی چارەنوسازی شاری کەرکوك، ئەگەر ئەو هەڕەشانەی بەرەی تورکمانی کارنەکاتە سەر پارتە کوردستانیەکان‌و ئەندامانی پەرلەمانی عێراقی‌و سەرکردە سیاسیەکانی کورد، ئەوا بۆ ئێمەی گەنجانی کوردستان‌و خەمخۆرانی نیشتیمان شتێکە ناچیتە خانەی لەبیرکردنەوەو پێویستە ئێمەی گەنجان هەڵوێستەی لەسەر بکەین‌و لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەدا بێدەنگبوون نەنوێنین.

ئەگەر چی ئەو هەڕەشانەی بۆ سەر شارەکە رەنگە یەکەمجارو دوا جاری ئەو بەرەیەو وێنەکانی ئەو بەرەیە نەبێت لەبەرامبەر ئەو قسانەشدا ڕەنگە تاوەکو ئێستە پارتە کوردیەکان بەتەنگ ئەو مەسەلەیەوە نەهاتبن‌و یاخود کەمتەرخەمبوون لەکارکردنی وەها مەسەلەیەکدا، ئەوا بۆ ئێمەی نەوەی دوای راپەرین قابیلی قەبوڵکردن نییە، بەهەرحاڵ دەمانەوێت لەرێگە ئەو بەیاننامەیەوە بیسەلمێنین کەسانێك یاخود باشتر بڵێین گەنجانێك هەن نایەنەوێت لەمەسەلەیەکی چارەنوسسازی تایبەت بەشاری کەرکوکدا دەنگیان هەڵنەبڕن.

بێدەنگبوونی ئێمەو شەقامی کوردی لەوەها مەسەلەیەکدا هێمایەکە بۆ بێدەسەڵاتی ئەو کوردانەی لەبەرامبەر کەسانێکدا کەخوێنیان، ماڵیان، داهاتوی ژیانیان لەپێناو چەند چرکە ساتێکی خۆشگوزەرانی ئەو شارەدا بەخشیوە، ئاماژەیەکە بۆ کارنەکردن‌و درەنگ یەکلایی بونەوەی مادەی ئاسایی بونەوەی کەرکوك‌و دواکەوتنی گەڕانەوەی خۆشگوزەرانی بۆ ئەو شارەو مانەوی ئەو ترسانەی کەبەردەوام لەو شارەدا درێژەیان هەیە، پێمان وایە بێدەنگبوونی ئێمە ئاماژەیەکە بۆ زۆرداری شۆڤێنیزمی ئەو بەرەیەو گەشەپێدانی ململانێ نەتەویی‌و هەستیارەکان بۆیە گرنگە گەر لەتەواوی مەسەلە ناوخۆیەکاندا قسەمان نەبووبێت یان گرفتمان لەگەڵ دەسەڵاتە لۆکاڵیەکەدا هەبووبێت لەم جۆرە مەسەلەیەدا یەك دەنگ‌و خاوەن ئیرادەو هەڵوێست بین.

دەمانەوێت ناحەزانی گەڕانەوەی ئارامی بۆ ئەو شارە چاك بزانن گەر پارتە کوردییەکان‌و دەسەڵاتدارانی کورد خاوەن هەڵوێست نەبن‌و لەم مەسەلەیەدا دەنگیان نەبێت ئەوا ئێمەین دەمانەوێت کوردستانیبوونی ئەو شارە بەجیهان بناسێنین‌و لەو رێگەیەشدا ئامادەین زۆربەی کاتەکانمان بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان بکەین، هەر بۆیەش لەرێگەی ئەو بەیاننامەیەوە داوا لەمرۆڤانی ئازادیخوازو نیشتیمانپەروەرو گەنجانی هۆشیار دەکەین دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی ئێمەو پێکەوە ببینە هێزیکی نەتەوەیی‌و جەماوەری پتەو لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی لەو جۆرەدا.

**پەیوەندیتان لەرێگەی ئەم ئەدرەسەی خوارەوە دەبێت**

**کۆمەڵێک گەنجی خاوەن هەڵوێست لەبەرامبەر پرسە نەتەوەیەکاندا**

berewkerkuk@yahoo.com